حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
فەرمانگەی میدیا و زانیاری

# ڕێبەری
# ناسنامەی دامەزراوەیی حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەشانی دووەم

٢٠٢٠

**حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق**
**حكومة إقليم كوردستان - العراق**

فەرمانگەی میدیا و زانیاری

**ناوی بڵاوکراوە:** رێبەری ناسنامەی دامەزراوەیی حکومەتی هەرێمی کوردستان (وەشانی دووەم).
**ئامادەکردنی:** فەرمانگەی میدیا و زانیاری.

# ناوەڕۆک


١-سەرەتا ........ ٤
١-١ پێشەکی ........ ٥
١-٢ مەرجەکانی بەکارهێنانی ناسنامەی دامەزراوەیی ........ ٦
١-٣ تێڕوانین و ئەرک ........ ٧
١-٤ زاراوە تەکنیکییەکان ........ ٨

٢-لۆگۆی ناسنامەی حکومەت ........ ٩
٢-١ لۆگۆی فەرمی حکومەت ........ ١٠
٢-٢ کیبۆرد و فۆنتی بەکارهێنراو ........ ١١
٢-٣ ڕەنگەکان ........ ١٢
٢-٤ یەکەی پێوانەیی و پانتاییە بەتاڵەکان ........ ١٣
٢-٥ کەمکردنەوەی قەبارەکان ........ ١٤
٢-٦ بەکارهێنانی ناپەسەند ........ ١٥

٣-لۆگۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان ........ ١٦
٣-١ بەکارهێنانی لۆگۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان ........ ١٧
٣-٢ کلێشەی نوسراوی فەرمی ........ ١٨
٣-٣ تیم و لیژنە حکومییەکان ........ ٢١
٣-٤ یەک شێوازیی ریکلام ........ ٢٢

٤-بەکارهێنانی فۆنت لەلایەن فەرمانگە و دامەزراوەکان ........ ٢٣
٤-١ ڕێکخستنی لۆگۆی لایەنەکان (ئەگەر هەبێت) ........ ٢٤
٤-٢ بەکارهێنانی فۆنت بۆ چالاکیەکان لەلایەن فەرمانگە و دامەزراوەکان ........ ٢٥
٤-٣ پەیکەری پێوانەیی گشتی دیزاینی ناسنامەی حکومەت و فەرمانگە و دامەزراوەکانی ........ ٢٦
٤-٤ دیزاینی کارتی کار (Business Card) ........ ٢٧

٥-کەرەستەی بە بازاڕکردن ........ ٢٨
٥-١ ڕێکخستنی لاپەڕەی ستوونی ........ ٢٩
٥-٢ ڕێکخستنی لاپەڕەی ئاسۆیی ........ ٣٠
٥-٣ بەڵگەنامەی فەرمی مامەڵە دەرەکییەکان ........ ٣١
٥-٤ ڕێکخستنە ناپێوەرییەکانی لاپەڕە ........ ٣٢
٥-٥ پەڕاوگە ........ ٣٣
٥-٦ پەڕاوگە، لۆگۆ و خەڵاتەکان ........ ٣٤
٥-٧ شاشەی پیشاندان ........ ٣٥
٥-٨ واژووی پۆستی ئەلیکترۆنی ........ ٣٦
٥-٩ تابلۆی کۆتایی شاشەی TV ........ ٣٧
٥-١٠ تابلۆی سەر باڵەخانەکان ........ ٣٨

٦-چالاکییەکان ........ ٣٩
٦-١ سپۆنسەری و هاوبەشی ........ ٤٠

## ١ سەرەتا

١-١ پێشەکی.

٢-١ مەرجەکانی بەکارهێنانی ناسنامەی دامەزراوەیی.

٣-١ تێڕوانین و ئەرک.

٤-١ زاراوە و تەکنیکییەکان.

## پێشەکی

فەرمانگەی میدیا و زانیاری، لەژێر ڕۆشنایی دەستپێشخەرییەکەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەبارەی ڕاگەیاندن و گەیاندنی سیاسییەوە، کۆمەڵێ پلان وسیاسەت و بەرنامە ئامادە کردووە بەمەبەستی یەکخستنەوەی گوتاری ڕاگەیاندنی حکومەت و ڕێکخستنەوەی سەرچاوەکانی پێدانی زانیاری.  هەروەها بۆ زامنکردنی ڕاست و دروستی ئەم زانیاریانە، ئامانجی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهێزکردنی پردی پەیوەندییە لەگەڵ هاوڵاتیان و هاوبەشە سەرەکییەکانی لە ڕێگەی دەرکردنی چەند ڕێوشوێنێکی گونجاوەوە بۆ بەڕێکردنی کاروباری هاوڵاتیان بە شێوەیەکی خێرا لە سەرجەم دەزگاکانی و بە شێوەی ئەلیکترونی (حکومەتی ئەلیکترۆنی).

بەمەبەستی یەکگرتنی گوتاری فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، فەرمانگەی میدیا و زانیاری ڕێبەری ناسنامەی دامەزراوەیی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادە کردووە کە لەو ڕێبەرانەیە دەچێتە خانەی سیاسەتی گەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وە لە کاتی هەبوونی نوێکاری و پێویست بوونی گۆڕانکاری فەرمانگەی میدیا و زانیاری وەشانی نوێ ئامادە دەکات بۆ لەخۆگرتنی نوێکاری و گۆڕانکارییەکان. دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ئەرکی جێبەجێکردنی ئەو کارە دەخاتە ئەستۆ، فەرمانگەی میدیا و زانیاری سەرجەم وەزارەت ودام ودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاراستە دەکات تا پابەندی ئەم ڕێبەرە بن.

### ١. لایەنە حکومییە سەرەکییەکان.

- دەبێت سەر  بە حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت.
- دەبێت بە یاسایەکی خۆماڵی دامەزرا بێت.
- دەبێت چالاکییەکی حکومی یان خزمەتگوزاری قازانج نەویست بێت.
- دەبێت بودجەیەکی هەبێت، لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بەرێوەببرێت.
- دەبێت لایەنێکی سەرەکی بێ و سەر بە لایەنێکی دیکە نەبێت.

### ٢. لایەنە حکومییە لاوەکییەکان.

- دەبێت سەر بە لایەنێکی دیکەی سەرەکیبێت.
- دەبێت چالاکییەکی حکومی یان خزمەتگوزاری قازانج نەویست بێت.
- دەبێت بودجەیەکی لەلایەن ئەو لایەنە سەرەکییەوە بۆ دابینکرابێت.
- پێویستە لە چالاکییەکانیدا ناوی حکومەتی هەرێمی کوردستان بهێنرێت.

## بەکارهێنانەکانی لۆگۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان

### یەکەم: بەکارهێنانی سەپێنراو

أ- مەبەست لە بەکارهێنانی لۆگۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە نیشان بدرێت ئەو لایەنە سەر بە حکومەتی هەرێمی کوردستانە، وەک بەکارهێنان لە (پەڕاوگە، بەڵگەنامە فەرمییەکان، تابلۆی باڵەخانەکان، پێگە و سایتە ئەلیکترۆنییەکان و ...هتد).

ب- مەبەست لە بەکارهێنانی لۆگۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرز راگرتنی بەهای لایەنە حکومییەکەیە لەسەر ئاستی ناوخۆیی و  دەرەکی، وەکو (ریکلامی دامەزراوەیی، ریکلامەکانی وەرگرتنی کارمەندان، بەشداریکردن لە چالاکییەکان... هتد).

### دووەم: بەکارهێنانی ئارەزومەندانە

أ- مەبەست لە بەکارهێنانی لۆگۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێدانی بەهای زیاترە بە کەرەستە بەبازاڕکراوەکان وەکو (دیارییە یادەوەرییەکان، نامیلکەکانی بەبازاڕکردن و پرۆژەکان، کەلوپەلەکانی بازاڕی ناوخۆیی و... هتد).

پێویستە لایەنی تایبەتمەند و پەیوەندیدار لە بەشی راگەیاندن و ئەو لایەنەی کەلوپەلەکان بەبازاڕ دەکات هەڵسەنگاندن بۆ ئەو کەلوپەلانە بکەن کە لۆگۆی حکومەتی هەرێمی کوردستانی لەسەر دادەنرێت.

### سێیەم: قەدەغەکردنی بەکارهێنانی لۆگۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان

أ- لە هەندێك دۆخدا بەکار نەهێنانی لۆگۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهای زیاتر  بە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەدات، وەکو بەکار نەهێنانی لە ( تابلۆی ناوەوەی بالەخانەکان، جۆرەکانی کوپ، کلینکس و ئەو کەرەستانەی دوای بەکارهێنان فرێدەدرێن یا بۆ یەک جار بەکاردێن و...هتد).

ب- بەکارهێنانی  لۆگۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ  بەهای زیاتر  بە حکومەتی هەرێمی کوردستان نادات و بەپێچەوانەوە کاریگەری نەرێنیشی هەبێت لەسەر ناوبانگی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەک بەکارهێنانی لەسەر (کتێبە ئاینییەکان).

### تێڕوانین

دروستکردن و پیشاندانی ناسنامەیەکی یەکگرتوو بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە ڕەنگدانەوەی هەموو لایەنێکی حکومی بێت و پارێزگاری لە تایبەتمەندی و سیمبولەکانی دەزگا و فەرمانگەکان بکات.

### ئەرك

گشتاندنی هەندێک پێوەر کە چوارچێوەی گشتی ناسنامەی دامەزراوەیی فەرمانگە و دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێم پیشان بدات.

## ٤-١ زاراوە تەکنیکییەکان

لەخوارەوە پێناسەی هەندێک زاراوە دەکەین کە لەم ڕێبەری ڕێنماییەنەدا بەکارهێنراون:

**پانتایی بەتاڵ:** ئەو پانتاییە دیاریکراوەی لەدەوروبەری لۆگۆ هەیە، پێویستە ئەو پانتاییە بە بەتاڵی بمێنێتەوە و هیچ توخمێکی دیکەی تێدا نەبێت.

**فۆنتی بەکارهێنراو:** مەبەست لێی ئەو کۆمەڵە پیتانەیە کە بەکاردەهێنرێ بۆ نوسینی ناوی فەرمانگە و دامەزراوەی حکومەت.

**لۆگۆ:** دیزاینێکی تایبەت، یان توخمێکی بینراو، یان هێمایەک کە ئاماژە بە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات.

## ٢ لۆگۆی ناسنامەی حکومەت

١-٢ لۆگۆی فەرمی حکومەت.

٢-٢ کیبۆرد و فۆنتی بەکارهێنراو.

٣-٢ ڕەنگەکان.

٤-٢ یەکەی پێوانەیی و پانتاییە بەتاڵەکان.

٥-٢ کەمکردنەوەی قەبارەکان.

٦-٢ بەکارهێنانی ناپەسەند.

## ١-٢ لۆگۆی فەرمی حکومەت

بەمەبەستی روون دەرکەوتنی ناسنامەی لایەنە سەرەکییەکانی حکومەت (فەرمانگە و دامەزراوەکان) کە بەشێوەی راستەوخۆ سەر بە حکومەتی هەرێمن، دەبێت لۆگۆی حکومەتی هەرێم لە شوێنی دیاریکراوی خۆی دابنرێت.

### کیبۆرد

دەبێت  لە سەرجەم فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کیبۆردی Unicode بەکاربهێنرێت.

### فۆنت

نوسینەکانی نوسراو و لۆگۆی حکومەت بە دوو زمان و بە بەکارهێنانی فۆنتی یۆنیکوردی Noto Naskh، بۆ فۆنتی لاتینییەکەش Calibri بەکاربهێنرێت، وەکو ئەم نمونەیەی خوارەوە.

**حکومەتی هەرێمی کوردستان**

حكومة إقليم كوردستان

Kurdistan Regional Government

بەکارهێنانی لۆگۆ بە شەش ڕەنگ دەبێت کە لە خوارەوەدا، لە خشتەیەکی هەردوو سیستەمی ڕەنگی CMYK,RGB دیاریکراوە و باکگراوندەکانیش دەبێت ڕەنگی کاڵ بن.

سیستەمی ڕەنگی سکرین RGB — سیستەمی ڕەنگی چاپکردن CMYK

| Logo | R | G | B | C | M | Y | K |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | 190 | 158 | 75 | 27 | 34 | 84 | 2 |
| | 255 | 242 | 0 | 0 | 0 | 100 | 0 |
| | 237 | 28 | 36 | 0 | 100 | 100 | 0 |
| | 47 | 167 | 73 | 79 | 7 | 100 | 1 |
| | 35 | 31 | 32 | 0 | 0 | 0 | 100 |
| | 255 | 255 | 255 | 0 | 0 | 0 | 0 |

**حکومەتی هەرێمی کوردستان**
حكومة إقليم كوردستان

**حکومەتی هەرێمی کوردستان**
حكومة إقليم كوردستان

**حکومەتی هەرێمی کوردستان**
حكومة إقليم كوردستان


**حکومەتی هەرێمی کوردستان**
حكومة إقليم كوردستان

**حکومەتی هەرێمی کوردستان**
حكومة إقليم كوردستان

یەکـەی پێوانەیـی (X) یەکسـانە بـە بـەرزی نووسـینی وشـەی (کوردسـتان) لـە فۆنتـی بەکارهێنـراو، ئـەم یەکـەی پێوانەییـە لـە گشـت ڕێنماییـەکان بەکاردەهێنرێـت، لەگـەڵ ئەوەشـدا ڕێگەپێـدراوە لـە پانتایـی بەتاڵـی دەوروبـەری لۆگـۆی حکومـەت، لانیکـەم تـا (1X) بەکاربهێندرێـت.

**یەکەی پێوانە**
Unit of Measure


## X کوردستان




۳۰ ملم

## كەمكردنەوەی قەبارەكان

پێویستە لۆگۆی حكومەتی هەرێمی كوردستان پانتاییەک پڕبكاتەوە كە لە ١٠٪ كەمتر نەبێت لە درێژترین ڕووەكانی ئەو كەرەستەیەی لۆگۆكە لەسەری چاپدەكرێت و لایەنی خوارەوەی ٣٠ ملیمەتر بێت.



لەخـوارەوە هەنـدێ نمونـەی خـراپ بەکارهێنانـی دروشـم دەخەینـەڕوو، بۆیـە پێویسـتە گشـت ڕێنماییەکانـی ئـەم ڕێبـەرە بـە وردی جێبەجێبکـرێ، بـۆ ئـەوەی لـەم جـۆرە بەکارهێنانـە دوربکەوینـەوە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان
حکومة إقليم كوردستان

حکومەتی هەرێمی کوردستان
حکومة إقليم كوردستان

حکومەتی هەرێمی کوردستان
حکومة إقليم كوردستان

حکومەتی هەرێمی کوردستان
حکومة إقليم كوردستان

حکومەتی هەرێمی کوردستان
حکومة إقليم كوردستان

حکومەتی هەرێمی کوردستان

حکومەتی هەرێمی کوردستان
حکومة إقليم كوردستان

حکومەتی هەرێمی کوردستان

حکومەتی هەرێمی کوردستان
حکومەتی هەرێمی کوردستان

حکومەتی هەرێمی کوردستان
حکومة إقليم كوردستان

## ٣ لۆگۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان

١-٣ بەکارهێنانی لۆگۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٢-٣ کلێشەی نوسراوی فەرمی.

٣-٣  تیم و لیژنە حکومییەکان.

٤-٣  یەك شێوازیی ڕێکلام.

## ١-٣ بەکارهێنانی لۆگۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان

لۆگۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە شێوەی سەربەخۆ دەکرێت لە بۆنە فەرمییەکاندا بەکاربهێنرێت:
وەکو (رێکلامەکان، بەشداریکردنە فەرمییەکان و ...هتد)، بۆ هەریەک لەم چالاکیانە پێویستە لایەنی رێکخەر هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەی میدیا و زانیاریی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات.
لە خوارەوە هەندێ نمونەی بەکارهێنانی لۆگۆ دەخەینەڕوو:

Letterheads




Nomadic stand





Table Flags



## ٢-٣ کلێشەی نوسراوی فەرمی

**١- دامەزراوە سەرەکییەکان:**

**کلێشەی نوسراوی ئەم دامەزراوانە بە قەبارەی A4ی نێودەوڵەتی دەبێت و بەشی سەرەوە و خوارەوەی بەم شێوەیە دەبێت:**

أ- دەبێت قەبارەی فۆنتی (حکومەتی هەرێمی کوردستان) (١٤) پلە، (ئەنجومەنی وەزیران) (١٣) پلە، و ناوی (وەزارەت/ فەرمانگە/دەستە) (١٣) پلە بێت. زمانی فەرمیی کوردی لە ڕاستی بەشی سەرەوەی کلێشە و زمانی فەرمی عەرەبی لە چەپی بەشی سەرەوەی کلێشە بێت.

ب- قەبارەی لۆگۆی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان (٣٠) ملم بێت و لە چەقی (ناوەڕاست) بەشی سەرەوەی کلێشە بێت.

ت- قەبارەی ستوونی بەشی سەرەوەی کلێشە (٥٠) ملم بێت و نابێت بەشی سەرەوە چوارچێوەی هەبێت.

ج- هەردوو نوسینی فەرمی زمانی کوردی و عەرەبی بە لایەنی کەمەوە (1x) لە چوارچێوەی دەرەوەی کاغەزەکە دووربن.

ح- بەشی سەرەوە بە هێڵێکی ئاسۆیی (١.٥) پلە، لە پانتایی سپی خوارەوە جیادەکرێتەوە، کە لە شێوەی یەک خراوەتە ڕوو.

خ- لە ژێری هێڵە ئاسۆییەکەی بەشی سەرەوەی کلێشەکە، بە هەردو زمانی فەرمیی کوردی و عەرەبی ژمارە و ڕێکەوت لە ڕاست و چەپ دەنوسرێت و قەبارەی فۆنتەکە (١٠) پلە دەبێت.

د- بەرزی ستوونی بەشی خوارەوەی کلێشەکە بە قەبارەی (١٥)ملم بێت و بە هێڵێکی ئاسۆیی قەبارە (٠،٥) پلە جیادەکرێتەوە کە لە شێوەی دوو خراوەتە ڕوو.

و- نابێت ناوی بەش و هۆبە لە بەشی سەرەوەی کلێشەی نوسراوادا بنوسرێت، بەڵکو دەبێت کۆدی تایبەت بە هەر بەش و هۆبەیەک دابنرێت و لە تەنیشت ژمارەی نوسراو لە دوای دانانی (/) بنوسرێت.

ز- دەبێت ڕێکەوت بە ڕۆژمێری کوردی لە بەشی ڕاست بنوسرێت و ڕێکەوت بە ڕۆژمێری زایینی (بە ژمارە) لە بەشی چەپ بنوسرێت.



**٢- ئاڕاستەکردنی نوسراو بۆ دامەزراوە بیانییەکان.**

بە هەمان شێوەی کلێشەی فەرمی دامەزراوە سەرەکییەکان دەبێت، بەڵام لە شوێنی زمانی فەرمی عەرەبی، زمانی ئینگلیزی بەکاردێت و کلێشەکە دەبێتە زمانی فەرمی کوردی و زمانی نافەرمی ئینگلیزی بە ڕەچاوکردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە، لەشێوەی سێ و چواردا شێوەکە دەخەینەڕوو.

أ- دەبێت قەبارەی فۆنتی (Kurdistan Regional Government) (١٤) پلەی تۆخ، (Council of Ministers) (١٣) پلەی تۆخ، و ناوی (وەزارەت/فەرمانگە/دەستە) (Ministry Name) (١٣) پلەی تۆخ بێت.

ب- دەبێت قەبارەی فۆنتی (No) و (Date) (١٠) پلە بێت.

بەشی سەرەوە | شێوەی ٣

1x
حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
ناوی وەزارەت

1x
Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry Name

٥٠ ملم

ژمارە: ژمارەی نوسراو/کۆدی هۆبە یا بەش
ڕێکەوت: ڕۆژ/ ناوی مانگ/ **٢٧ی کوردی

٣٠ ملم

No: Letter Number/Section Code
Date: **/**/2020

بەشی خوارەوە | شێوەی ٤

ناونیشان-هەرێمی کوردستان- عێراق
ئیمەیل:

عنوان-إقليم كوردستان - العراق
ژ.تەلەفۆن:

Address-Kurdistan Region-Iraq
www.gov.krd

١٥ ملم

**۳- دامەزراوە لاوەکییەکان:**

**کلێشەی نوسراوی ئەم دامەزراوانە بە قەبارەی A4ی نێودەوڵەتی دەبێت و بەشی سەرەوە و خوارەوەی بەم شێوەیە دەبێت:**

أ- قەبارەی فۆنتی (حکومەتی هەرێمی کوردستان) دەبێت (١٤) پلە، (ئەنجومەنی وەزیران) (١٣) پلە، ناوی (وەزارەت/فەرمانگە/دەستە) (١٣) پلە، (ناوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی، بەڕێوەبەرایەتی، فەرمانگە) (١٢) پلە بێت و ئەو شوێنەی نووسراوەکەی لێدەردەچێت بە ڕەنگی ئاڵتونی (لە ڕەنگی لۆگۆی فەرمی حکومەت) بێت. زمانی فەرمیی کوردی لە ڕاستی بەشی سەرەوەی کلێشە و زمانی فەرمی عەرەبی لە چەپی بەشی سەرەوەی کلێشە بێت.

ب- دەستەواژەی (بەڕێوەبەرایەتی گشتی) کورت دەکرێتەوە بۆ (ب.گ.)، (بەڕێوەبەرایەتی) بۆ (ب.)، و (فەرمانگە) بۆ (ف.).

ت- قەبارەی لۆگۆی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان (٣٠) ملم بێت و لە چەقی (ناوەڕاست) بەشی سەرەوەی کلێشە بێت.

ج- قەبارەی ستوونی بەشی سەرەوەی کلێشە (٦٠) ملم بێت و نابێت بەشی سەرەوە چوارچێوەی هەبێت.

ح- هەردوو نوسینی فەرمی زمانی کوردی و عەرەبی (1x) لە چوارچێوەی دەرەوەی کاغەزەکە دووربن.

د- بەشی سەرەوە بە هێڵێکی ئاسۆیی (١.٥) پلە، لە پانتایی سپی خوارەوە جیادەکرێتەوە، لە شێوەی پێنج خراوەتە ڕوو.

ر- لە ژێری هێڵە ئاسۆییەکەی بەشی سەرەوەی کلێشەکە، بە هەردو زمانی فەرمیی کوردی و عەرەبی ژمارە و ڕێکەوت لە ڕاست و چەپ دەنوسرێ و قەبارەی فۆنتەکە (١٠) پلە دەبێت.

ف- بەرزی ستوونی بەشی خوارەوەی کلێشەکە بە قەبارەی (١٥)ملم بێت و بە هێڵێکی ئاسۆیی قەبارە (٠،٥) پلە جیادەکرێتەوە کە لە شێوەی شەش خراوەتە ڕوو.

و- نابێت ناوی بەش و هۆبە لە بەشی سەرەوەی کلێشەی نوسراودا بنوسرێت، بەڵکو دەبێت کۆدی تایبەت بە هەر بەش و هۆبەیەک دابنرێت و لە تەنیشت ژمارەی نوسراو لە دوای دانانی (/) بنوسرێت.

ز- دەبێت ڕێکەوت بە ڕۆژمێری کوردی لە بەشی ڕاست بنوسرێت و ڕێکەوت بە ڕۆژمێری زایینی (بە ژمارە) لە بەشی چەپ بنوسرێت.

بەشی سەرەوە | شێوەی ٥ | نمونە

1x | 1x

**حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق** | **حكومة إقليم كوردستان-العراق**

**ئەنجومەنی وەزیران** | **مجلس الوزراء**

ناوی وەزارەت | إسم الوزارة

ناوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی | إسم مديرية العامة

ناوی بەڕێوەبەرایەتی | إسم المديرية

**ناوی فەرمانگە/تیبینرایەتی** | **إسم الادارة**

1x | 1x

٦٠ ملم

ژمارە: ژمارەی نوسراو/کۆدی هۆبە یا بەش | العدد: ژمارەی نوسراو/کۆدی هۆبە یا بەش

ڕێکەوت: ڕۆژ/ ناوی مانگ/ **٢٧ی کوردی | ٣٠ ملم | التأريخ: **/**/٢٠٢٠

بەشی خوارەوە | شێوەی ٦

١٥ ملم

ناونیشان-هەرێمی کوردستان- عێراق | عنوان-إقليم كوردستان - العراق | Address-Kurdistan Region-Iraq


ئیمەیل: | ژتەلەفۆن: | www.gov.krd

## ٣-٣ تیم و لیژنە حکومییەکان


بریتین لەو تیم و لیژنە بەردەوامانەی کە بۆ جێبەجێکردن و راپەڕاندنی ئەرکێکی دیاریکراو لە لایەنە حکومییە جیاوەزەکانەوە پێکدەهێندرێن و ئەندامەکانی نوێنەرایەتی فەرمانگە و دامەزراوەی جیاواز دەکەن.

پێویستە ناسنامەی دامەزراوەیی ئەم تیمانە ئەم رێنماییانە لەخۆ بگرێت کە لەم وێنانەدا هاتوون، بە شێوەیەک کە لۆگۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەوێتە ناوەڕاستی و ناوی تیم، یان لێژنەکە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی راستەوخۆ لەژێر ئەوەوە بێت، و بە رەنگێکی جیاواز بێت:

Roll up banner




Nomadic stand



## ٤-٣ یەک شێوازیی ڕێکلام

بۆجێبەجێکردنی سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە یەک شێوازیی ڕێکلام و بەمەبەستی بەرجەستەکردنی هاوکاری و هەماهەنگی نێوان دامەزراوە و فەرمانگەکانی حکومەت، لەم شێوەیەی خوارەوە چۆنیەتی بەکارهێنانی لۆگۆی حکومەتی هەرێم ڕوونکراوەتەوە. فەرمانگەی میدیا و زانیاری هەماهەنگی لەنێوان دامەزراوە و فەرمانگەکانی حکومەت دەکات لە دروستکردن و بڵاوکردنەوەی ڕێکلامەکانی پەیوەست بە حکومەت.



**٤-١ ڕێکخستنی لۆگۆی لایەنەکان (ئەگەر هەبێت).**

**٤-٢ بەکارهێنانی فۆنت بۆ چالاکییەکان لەلایەن فەرمانگە و دامەزراوەکان.**

**٤-٣ پەیکەری پێوانەیی گشتی دیزاینی ناسنامەی حکومەت و فەرمانگە و دامەزراوەکانی.**

**٤-٤ دیزاینی کارتی کار (Business Card).**

ئـەم شـێوەیەی خـوارەوە، دیزاینـی بنەڕەتـی ناسـنامەی حکومـەت دەخاتـەڕوو، لەسـەر گشـت لایەنـە حکومییـەکان پێویسـتە پەیـرەوی بکـەن، بـە مەرجێـک هێمـای فەرمانگـە و دامـەزراوەکان لای ڕاسـت و ناو و زانیـاری لایەنـە حکومییەکە لای چـەپ بـێ.
هێمـای لایەنـە حکومییـەکان لـە چوارچێوەیەکـی ڕەنگـی سـلقەر ئەگـەر پشـتی کاڵ بێـت و، لـە چوارچێوەیەکـی سـپیدا، ئەگـەر پشـتی تـۆخ بێـت.
دەکـرێ زانیارییەکانـی لایەنـە حکومییەکـە نـاو بێـت بـە هـەردوو زمانـی کـوردی و عەرەبـی ( بڕوانـە شـێوەی ١) ، یـان زانیـاری زیاتـر بێـت لەبـارەی لایەنـە حکومییەکـە ( بڕوانـە شـێوەی٢).
هەروەها دەکرێت هەمان ئەو دیزانەی ناسـنامە کە لە لاپەڕە ٢٦ دا هاتوە بەکاربهێنرێت.

شێوەی ١




شێوەی ٢



فەرمانگـە و دامـەزراوەکان دەتوانـن ئـەو فۆنتـە بەکاربهێنـن کـە لەگـەڵ سروشـتی چالاکییەکانیـان دەگونجێـت؛ بەمەرجێـک رەنگـی نووسـینەکان رەش بێـت. هەروەهـا پێویسـتە قەبـارەی فۆنتـە کوردییەکـەی گەورەتربێـت لـە قەبـارەی فۆنتـە لاتینیەکـە ئەمـەش لەپێنـاو  دروسـتبوونی هاوسـەنگی نێـوان قەبارەکانیـان و داتـای دامەزراوەکانـی خوارتـر بـە رێـژەی ١-٢ بچوکتـر لـە نـاو  و داتـای لایەنـە سـەرەکییەکە بنووسـرێت. هەرەوهـا دەکرێـت بۆشـایی (بـە بەکارهێنانـی Shift + M ـــ) نێـوان پیتەکانـی کـوردی درێـژ بکرێتـەوە بـۆ ئـەوەی جیـاوازی نێـوان هـەردوو فۆنتـی کـوردی و لاتینـی لـە پێوانەکانـدا نەمێنێـت.

## ٣-٤ پەیکەری پێوانەیی گشتی دیزاینی ناسنامەی حکومەت و فەرمانگە و دامەزراوەکانی

مەبەست لێی روونکردنەوەی، پەیکەری پێوانەیی دیزاینکردنی ناسنامەیەکی تەواوە بۆ حکومەت و گشت فەرمانگە و دامەزراوەکانی. دەبێت ناسنامەی فەرمانبەر ئەم زانیارییە گشتیانەی خوارەوە لەخۆی بگرێت:

ا- پێویستە رویێکی ناسنامەکە بە زمانی کوردی و عەرەبی بنوسرێت و رووەکەی تری بە زمانی ئینگلیزی بێت.

ب- دەبێت لە روی یەکەم زانیارییەکان بە کوردی و عەرەبی بنوسرێت وەک ئەم نمونەیە (ناو/اسم)، و لە رووی دووەم بە ئینگلیزی بنوسرێت.

ت- پێویستە لە رووی یەکەم (حکومەتی هەرێمی کوردستان)، (ئەنجومەنی وەزیران)، و ناوی وەزارەتەکە لە راستی سەرەوەی ناسنامەکە بە کوردی بنوسرێت و لە چەپی سەرەوەی ناسنامەکە بە عەرەبی بنوسرێت، و لە رووی دووەم بە ئینگلیزی بنوسرێت.

ج- پێویستە لۆگۆی حکومەتی هەرێم بە قەبارەیەکی بەرچاو دابنرێت و سەرپێبونی فەرمانبەر بە حکومەت پیشان بدات.

ح- پێویستە ناوی سیانی فەرمانبەر لە هەردو روی ناسنامەکە بنوسرێت.

د- پێویستە ناونیشانی کاری فەرمانبەر لە هەردو روی ناسنامەکە بنوسرێت.

ە- پێویستە رێکەوتی لەدایکبوونی فەرمانبەر لە هەردوو رووی ناسنامەکە بنوسرێت.

و- پێویستە رێکەوتی بەسەرچوونی ناسنامەکە لە هەردوو رووی ناسنامەکە بنوسرێت.

ز- پێویستە وێنەیەکی فەرمانبەر لەسەر ناسنامەکە هەبێت.

## دیزاینی کارتی کار (Business Card)

مەبەست لێی دیزاینکردنی کارتی کارە بۆ فەرمانبەرانی حکومەت بە شێوەیەک کە تەنیا لۆگۆی حکومەت دابنرێت لەگەڵ گشت زانیاریەکانی فەرمانبەرەکە بە ڕەچاوکردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە:

ا- دەبێت ڕوویێکی کارتەکە بە زمانی کوردی بنوسرێت و ڕوویەکەی تری بە زمانی ئینگلیزی بێت.

ب- پێویستە لە ڕووی کوردی کارتەکە لۆگۆی حکومەت لە چەپی کارتەکە بە بەرزی (٢٠) ملم و پانی (٢٥) ملم دابنرێت.

ت- پێویستە ناوی حکومەت، ئەنجومەنی وەزیران، و ناوی دامودەزگا حکومییەکە لە ڕاستی کارتەکە بە قەبارەی (١٢) پلە بنوسرێت.

ج- پێویستە ناوی تەواو بە قەبارەی (١٤) پلە و ناونیشانی کارگێڕی بە قەبارەی (١٠) پلە لە ناوەڕاستی کارتەکە دابنرێت.

ح- پێویستە ژمارەی مۆبایل، ئیمەیل (* کورتکراوەی دامودەزگای حکومی)، و ماڵپەڕی فەرمی حکومەت بە قەبارەی (٩) لە بەشی خوارەوەی کارتەکە دابنرێت (بڕوانە شێوەی ١).

د- پێویستە لە ڕووی ئینگلیزی کارتەکە لۆگۆی حکومەت لە  بەشی ڕاست بە بەرزی (٢٠) ملم و پانی (٢٥) ملم دابنرێت.

ە- پێویستە ناوی حکومەت، ئەنجومەنی وەزیران، و ناوی دامودەزگا حکومەیەکە لە ڕاستی کارتەکە بە قەبارەی (١٠) پلە بنوسرێت.

و- پێویستە ناوی تەواو بە قەبارەی (١٢) پلە و ناونیشانی کارگێڕی بە قەبارەی (٩) پلە لە ناوەڕاستی کارتەکە دابنرێت.

ز- دەبێت ژمارەی مۆبایل، ئیمەیل (* کورتکراوەی دامودەزگای حکومی)، و وێبسایتی فەرمی حکومەت بە قەبارەی (٨) پلە لە بەشی خوارەوەی کارتەکە دابنرێت (بڕوانە شێوەی ٢).

شێوەی ١




شێوەی ٢



١-٥ ڕێکخستنی لاپەڕەی ستوونی.

٢-٥ ڕێکخستنی لاپەڕەی ئاسۆیی.

٣-٥ بەڵگەنامەی فەرمی مامەڵە دەرەکییەکان.

٤-٥ ڕێکخستنە ناپێوەرییەکانی لاپەڕە.

٥-٥ پەڕاوگە.

٧-٥ پەڕاوگە، لۆگۆ و خەڵاتەکان.


٧-٥ شاشەی پیشاندان.


٨-٥ واژووی پۆستی ئەلیکترۆنی.

٩-٥ تابلۆی کۆتایی شاشەی TV.

١٠-٥ تابلۆی سەر باڵەخانەکان.

ئەمانە هەندێک نمونەن لە چۆنیەتی جێبەجێکردنی ڕینماییەکانی پێشتر بۆ ڕێکخستنی لاپەڕەی ستوونی. ئەو پانتاییەی کە هێمای (×)ە دەکرێ وێنە یان زانیاری لەبارەی فەرمانگە و دامەزراوەکانی حکومەت لەخۆ بگرێت.



## ٢-٥ ڕێکخستنی لاپەڕەی ئاسۆیی

ئەمانە هەندێک نمونەن لە چۆنیەتی جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی سەرەوە بۆ ڕێکخستنی لاپەڕەی ئاسۆیی.
ئەو پانتاییەی کە هێمای (×)ە، دەکرێ وێنە یان زانیاری لەبارەی فەرمانگە و دامەزراوەکانی حکومەت لەخۆ بگرێت.



## ٣-٥ بەڵگەنامەی فەرمی مامەڵە

ئـەو فەرمانگـە و دامەزراوانـەی مامەڵەیـان لەگـەڵ لایەنـە فەرمییـە دەرەکییـەکان لـە دەرەوەی هەرێمـی کوردسـتان هەیـە، بۆیـان هەیـە لـە بەڵگەنامـە فەرمییـەکان و یاداشـتەکانیاندا نـاوی کۆمـاری عێـراق بەهـەردوو زمانـی کـوردی و ئینگلیـزی بەکاربهێنـن وەک لـەم نمونانـەدا هاتـووە.

Republic of Iraq

حکومەتی هەرێمی کوردستان
حكومة إقليم كوردستان

جمهورية العراق
کۆماری عێراق


ناوی لایەن
Entity Name

ئەمانـەی خـوارەوە هەندێـک نموونـەن لەبـارەی چۆنیەتـی جێبەجێکردنـی ڕێنماییەکانـی ڕێکخسـتنی لاپـەڕە ناپێوەرییەکانـەوە.




لەخـوارەوە هەندێـک نمونـەی ئـەو پەڕاوگانـە خراونەتـەڕوو، کـە لایەنـە حکومییـەکان بـەکاری دەهێنـن. ئـەم ڕونکردنەوانـەی لـە نمونەکانـی خـوارەوەدا هاتـوون، بریتیـن لـە کەمتریـن ئـەو وردەکارییەکانـەی کـە پێویسـتە لەسـەر پەڕاوگـەکان هەبـن.















لەخـوارەوە هەندێـک نمونـە خراونەتـەڕوو، لەبـارەی ئـەو پەڕاوگانـەی لایەنـە حکومییـەکان بەکاریـان دێنـن لەگـەڵ لۆگـۆ و خەڵاتـەکان.














پێویستە ناسنامەی دامەزراوەیی حکومەت لە شاشەی یەکەمی هەر پیشاندانێک بەکاربهێنرێت وەکو (پاوەرپۆینت PowerPoint) لە گشت ئەو پیشاندانانەی پێشکەشدەکرێن هەر وەک لەم نمونانەدا هاتووە، دەکرێت ئەم پانتاییەی بە رەنگی سلقەر دیارە لە خوارەوەی لۆگۆ، وێنە یان رەنگ یان ناونیشانی پیشاندانەکە بێت، بەڵام پێویستە لە گشت بارەکاندا پارێزگاری لە باکگراوندی سپی لۆگۆکان بکرێت و رووبەرەکەی ٦/١ی تێکرای رووبەرەکە بێت.





- نمونەی نیشاندانی خاوەندارێتی لایەنی لاوەکی.





- نمونەی رونکردنەوەی هێڵی سپیی چەسپاو لە گەڵ شوێنی لۆگۆی حکومەت یان لایەنی دیاریکراو.

پێویستە تێکستی واژووی پۆستی ئەلیکترۆنی بە هەردوو زمانی کوردی و ئینگلیزی بێت (دانانی واژووی کوردی لەگەڵ پۆستی ئەلیکترۆنی نوسراو بە زمانی کوردی (بڕوانە شێوەی ١) و دانانی واژووی ئینگلیزی لەگەڵ پۆستی ئەلیکترۆنی نوسراو بە زمانی ئینگلیزی (بڕوانە شێوەی ٢)) و ناو و پلەی نێرەر، ژمارە تەلەفۆن و پۆستی ئەلیکترۆنی نێرەر، ماڵپەڕی فەرمی حکومەت، و ناونیشانی نێرەر.

شێوەی ١




شێوەی ٢



## ٩-٥ تابلۆی کۆتایی شاشەی TV

دەتوانرێت پەیکەری گشتی دیزاینی لۆگۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ناوەڕاست یان لای چەپی شاشەکە دابنرێت، هەروەها دەکرێت بە شێوەی ئاسۆیی یان ستوونی بێت، وەک لەم نمونانەدا هاتووە.




- نمونەی باکگڕاوندی سپی ئەگەر زیاتر لە یەك لایەن لە سەر تیڤی دەربکەوێت.




- نمونەی باکگڕاوندی ڕەش ئەگەر یەك لایەن دەربکەوێت.

## ٥-١٠ تابلۆی سەر باڵەخانەکان

ئەمەی خوارەوە نموونەی تابلۆی باڵەخانەکانە، کە تێیدا بەکارهێنانی ناچاری ڕێنماییەکان و ناو و لۆگۆی فەرمانگە و دامەزراوەکان و لۆگۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان رونکراوەتەوە. دەبێت رەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکرێت بۆ دروستکردنی تابلۆی بەڵەخانەکان:

أ- دەبێت رەچاوی گونجاندنی قەبارەی تابلۆکە لەگەڵ قەبارەی باڵەخانەکەدا بکرێت.
ب- تەنها ڕووناککەرەوەی ناوخۆیی یا ڕووناککەرەوەی ئاڕاستەکراو بەکاربێت و ڕووناککەرەوەی دەرەکی بەکارنەیەت.
پ- کەرەستەی دروستکردنی تابلۆکان دەبێت گونجاوبێت لەگەڵ باری کەشوهەوای ناوچەکە.
ت- نابێت شوێنی هەڵواسینی تابلۆکان پەنجەرە و شوێنی هەواگۆڕکێ بگرێت.
ج- ئەگەر تابلۆکان لەسەر راگر دانرا، دەبێت بەرزیی ڕاگرەکە لە (٢.٢م) کەمتر نەبێت و ڕێگەی هاتوچۆ نەگرێت.
ح- هاتنەدەرەوەی تابلۆ لەڕوی باڵەخانەکەوە (٢٠سم تاکو ٥٠ سم) بێت.
د- تەنها لۆگۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت بەکاربهێنرێت و نابێت هیچ لۆگۆیەکی تر لە تابلۆکەدا بەکاربێت.
ر- بۆ نوسینی کوردی دەبێت فۆنتی (Noto Naskh) و بۆ نوسینی ئینگلیزی فۆنتی (Calibri) بەکاربێت.
ز- قەبارەی نوسینی ناوی فەرمانگە ڕاستەوخۆکە دەبێت لە هەموو نوسینەکانی تر گەورەتر بێت و بە ڕەنگی تۆخ (بۆڵد) بێت.
ن- بۆ ئاستی وەزارەتەکان، دەستەکان، و فەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت دەبێت بە هەرسێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی بنوسرێت، و بۆ ئاستەکانی خوارتر تەنها بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی بنوسرێت.
ە- پشتی هەموو تابلۆکان دەبێت ڕەنگی سپی بێت.
و- جگە لەو نوسینانەی کە لە کلێشەکەدا (سەیری کلێشەی ١ و ٢ بکە) ئامادە کراوە، هیچ نوسینێکی تری تێدا نەبێت.

کلێشەی ١: نمونەی تابلۆی باڵەخانەکان بۆ وەزارەتەکان، دەستەکان، و فەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت.

حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
**ناوی وەزارەت/دەستە/فەرمانگە**

حكومة إقيم كوردستان-عراق
مجلس الوزراء
**اسم الوزارة/هيئة/دائرة**

Kurdistan Regional Government-Iraq
Council of Ministers
**Ministry/Board/Department Name**

کلێشەی ٢: نمونەی تابلۆی باڵەخانەکان بۆ دامودەزگا لاوەکیەکانی بەستراو بە وەزارەت/دەستە/فەرمانگە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
ناوی وەزارەت/دەستە/فەرمانگە
ناوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی
**ناوی بەڕێوەبەرایەتی**


حكومة إقيم كوردستان-عراق
مجلس الوزراء
اسم الوزارة/هيئة/دائرة
اسم مديرية العامة
**اسم المديرية**

## ٦ چالاكییەكان

### ٦-١ سپۆنسەری و هاوبەشی.


لایەنی حکومی دەتوانێت بەشداری لەگەڵ لایەنێک یان زیاتر بکات وەک سپۆنسەر لە هەر چالاکییەک، و ڕێنوێنییەکان چەند شێوازێک بۆ دەرخستنی سپۆنسەری و هاوبەشی فەراهەم دەکات.
چەند شێوازێک کە لە خوارەوە ڕونکراوەتەوە، بۆ لایەنی سپۆنسەری نا حکومی بەکاردێت.

- لە بارێکدا ئەگەر یەك لایەنی حکومی سپۆنسەری هاوبەش بێت، لەگەڵ چەند لایەنێکی دیکەی ناحکومی.




- لە بارێکدا ئەگەر دوو لایەنی حکومی یان زیاتر، سپۆنسەری هاوبەش بن لە گەڵ چەند لایەنێکی ناحکومی.




- ئەگەر فۆڕمی سپۆنسەرەکە ستوونی بوو، دەبێت پێکهاتەکەی بەم شێوەیەی خوارەوە ڕێکبخرێت.

